
# چیرۆکی داڕمان و تێهەڵچوونەوە لە ڕۆمانی "تۆقی عەزازیل"دا



عەزیز مەحموودپوور

**تۆقی عەزازیل؛ سەید قادر هیدایەتی، چاپی سێهەم، دەزگای چاپەمەنی خانی، سەقز ٢٠١٨.**




ISBN: 978-600-5816-99-0

www.kurdbookhouse.com

## چیرۆکی داڕمان و تێهەڵچوونەوە لە ڕۆمانی "تۆقی عەزازیل"ی سەید قادر هیدایەتی دا

یەکێك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی مۆدێرنێتە سڕینەوەی ڕاز و ڕەمزە لە سروشت و بیری پێشمۆدێرن. بیری مۆدێرن حەول دەدا ڕەمز و ڕاز لە ڕوانگەی جادوویی و دینی بسڕێتەوە کە وەك پێداوێکی

سەرەکی بۆ ئەوەی سروشت و ئینسان لە تەمومژدا بمێننەوە کەڵکی لێ وەردەگرت. هاوکات لەگەڵ گۆڕانی ڕوانگەی ئینسان سەبارەت بە سروشت و خوێ و تێڕامانی سەبارەت بە بوون، ڕوانگەشی سەبارەت بە زمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر زمان لەو دنیا جادوویی و دینییەدا کەرەستەیەك بوو لە خزمەت پێناسەکردن و پەسنی ئەم فەزا جادووییە، لە دۆخی مۆدێرندا زمان دژکردەوە و ئامێرێکە لە هەمبەر ئەم دنیایەدا. هەروەها حەولێکی بەردەوام و بێوچانە بۆ ڕۆنانی دنیایەکی زمانیی نوێ کە دەروەستی پەسنی ئەم دۆخە نوێیە بێت. لەم هەلومەرجەدا زمان نەك لەگەڵ ئەو واتا لەمێژینانە دەکەوێتە بەربەرەکانێ و توێژ داوێژێ، بەڵکو لە هەمبەر خۆشیدا دەوەستێ و لەگەڵ خۆشیدا دەکەوێتە ململانە و شەڕێکی زمانییەوە. هەر چەشنە گۆڕانێك لە کۆمەڵگا و لە بیر و ئەندێشەی ئینسانیدا لە پێشدا لە سەتحی زماندا ڕوو دەدا و زمان بەستێنی تەراتێنی ئەو شەڕە فکری و گۆڕانە فکرییەیە. یانی هەر چەشنە گۆڕانێك لە بیر و ئەندێشەی کۆمەڵگادا گۆڕانی ڕاستەوخۆی حەوزەی زمانی لەدووە. زمانی ئینسانی پێشمۆدێرن بوونێکی وەستاو و نەگۆڕە. زمان لە خزمەت ئەو ڕوانگە نەگۆڕەدایە. مرۆ مافی دەستێوەردانی لەو سیستمە زمانی و تێفکرینەدا نییە کە بۆی دیاریکراوە. یانی مافی هیچ کەم و زیادکردنێکی بەسەر چەمکە زمانییەکاندا نییە. مرۆی پێشمۆدێرن لە باری فکرییەوە ئینسانێکی ئەفسوونزەدە و مریدە. مریدی موقتەدایەکی پیرۆز کە پیرۆزیی خۆی لە دنیایەکی میتافیزیکی بەدەستهێناوە. پیرۆزییەکان بە سەختترین شێوە دەپارێزرێن و مل

www.kurdishbookhouse.com

نادەنە بەر گۆڕان. زمان لە خزمەت پاراستنی ئەو پیرۆزییە ئایینی و جادووییەدایە و بە بڕشترین ئامێرە بۆ بەردەوامیدان بەم شێوازە فکرییە.

ئەم بەراییە کورتە دەکەینە بیانوویەك بۆ چوونە نێو باسەکەمان کە بەرهەمێکی ڕیوایەتییە و لەوێدا ئەم شەڕە زمانی و ئەم گۆڕانە زمانییە بە ڕوونی دەبینرێ. ئەوەی لە ڕۆمانی تۆقیعەزازیلدا لە هەموو شت بەرچاوترە، گێڕانەوە و بەتایبەت زمانی گێڕانەوەیە. زمانێك کە نوێنەری ئەو دنیا جادوویی و ڕەمزاوییەیە و لە عەینی حاڵیشدا پێکهاتەیەکی نوێی زمانییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دنیا ئایینی و فەزا میتافیزیکییە. زمان لەم ڕۆمانەدا ماکی سەرەکی و خاڵێکی پڕ ڕەنگامەیە بۆ دووان و شرۆڤەکردن. بەم ڕوونکردنەوەیە کە لە دەقێکی زانستیدا زمان و دەلالەتە زمانییەکان ڕوون و ئاشکران و لە دەقێکی هونەریدا دەلالەتە زمانییەکان شاراوەن و چەن توێژی مانایی لەخۆ دەگرن و ئێمە لەم وتارەدا حەولدەدەین لەو چەن ڕەهەندییەی کە زمانی گێڕانەوە کەڵکی لێوەرگرتووە بدوێین و باس لەو چەن توێژاڵییەی زمان لەم بەرهەمەدا بکەین. ئەوەی کە زمانی ڕۆمانی تۆقیعەزازیلی زەق کردۆتەوە ئەو پارادۆکسە زمانییەیە کە لە ناخی زمانەکەیدایە. هەروەك پێشتر کوترا زمانی دنیای سوننەتی و پێشمۆدێرن کەرەستەیەکە بۆ بەردەوامیدان بەو بیرە و یەکێکە لە ئەستوونە بەهێزەکانی ئەو دنیا ڕەمزاوییە. بەڵام لەم ڕۆمانەدا ڕاست هەر لەو کەرەستە زمانییە کە هەموو نەسەن و ڕەسەنەکانی زمانێکی

www.kurdishbookhouse.com

سوننەتی لەخۆ گرتووە کەڵك وەرگیراوە. یانی بە ئامیانێکی بە ڕواڵەت سوننەتی کەڵك وەرگیراوە بۆ گێڕانەوەیەکی مۆدێرن و سەیرتر لەو ڕۆنانی زمانێکی مۆدێرن. ئەم شێوازە ئیبتکارییە نموونەی نییە لەنێو زمانی گێڕانەوەی کوردیدا. لەم زمانە ڕیوایەتییەدا کەڵك لە زمانێکی سواو و مەزهەبی و خانەقایی وەرگیراوە. زمانێك کە دەربڕ و پێناسەی بیر و ئەندێشەیەکی مەزهەبی و ئایینییە. زمانێك کە قەت سەرنجی چیرۆکنووسانی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە هەتا بۆ گێڕانەوەی کارەکانیان کەڵکی لێوەرگرن. ئەو کارە زمانییەی لە ڕۆمانی تۆقیعەزازیلدا کراوە و ئەو لەحنە جیاوازەی ڕۆمانی پێ گێڕدراوەتەوە کارێکە کە زۆرتر شاعیران کەڵکی لێوەردەگرن. یانی پاش ئەوەی هەرێمێکی زمانی هەڵدەچۆڕێ لە کارکردی جوانیناسانە و تۆزی فەرامۆشییان لەسەر دەنیشێ شاعیران بۆ جارێکی دی بەسەریان دەکەنەوە و بە هۆنینەوە و تێکهەڵشێلانی دووبارەی ئەو زمانە سواو و مردووانە، کارکردێکی جوانیناسانە و ئیحساسی نوێ و شەخسییەتێکی زمانی نوێ بەو هەرێمە زمانییە مردووانە دەبەخشن و بەم شێوەیە زمان دەبووژێننەوە و ئەو واژە و دەستەواژانەی کە ئێمە پێمانوابووە لە ئیستاتیکی زمانی هەڵچۆڕاون بە شێوازێکی نوێ ڕەعەمەل دێننەوە و بە شێوەیەکی دیکە بە ئێمەی خوێنەری دەنوێننەوە. ئەو کارە لە تۆقیعەزازیلیشدا کراوە و لە زمانێکی بە تەواوەت سوننەتی کە قەڵای بیر و بڕوایەکی سوننەتی و محافزەکارە و چەندین و چەن ساڵە بڵنگۆ و زاری ئەو فکرە بووە، ئێستا وەك ئانتیتێزێك عەمەل دەکات بۆ دەبڕینی پێکهاتەیەکی

ڕیوایەتی بە تەواوەت مۆدێرن. سەیر ئەوەیە کە ئەو زمانە بە تەواوەت محافەزەکار و سوننەتییە وەك دژبەرێك لە بەرامبەر خۆیدا کەڵکی لێوەرگیراوە وەك ئەوەی لە ناخوداگای ئەو زمانەدا گەمەیەکی دیالکتیکی خۆی حەشاردابێ و دژی خۆی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتبێ هەتا لە ڕۆمانێکدا بۆ دژایەتیکردنی ساختاری فکری خۆی کەڵکی لێوەرگیرێ. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ساختاری زمان ڕاست ئەو ساختارە مرید و مرادییەیە کە مریدێك لە حاند مراد و موقتەدای خۆیدا لە کاری دەکات بەڵام ئەو ئاکامە عەمەلییەی لە خوێندنەوەی ئەو دەقە وەدەستدێ شتێکی جیاواز لەو شتەیە کە دەبێ ببێ. لێرەدا زمان دژ بە خۆی هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە تەورێك کە بنەما فکری و ئیدۆئۆلۆژییەکانی خۆی لە بن دێنێ. زمان لەو حاڵەتە وەستاو و خەساوە جاڕز دەبێ و بەخۆدا دێتەوە و دەبێتە زەرفێك بۆ دەربڕینێکی نوێ و هەڵگری توخم و ڕوانگەیەکی نوێیە. «من سەگی بەرپێی ئەو زاتە، حەدی ئەوەم نییە ئەم بەسەرهاتە بگێڕمەوە. بەسەرهات و ژیننامەی ئەو مشایەخە «ڕۆح و گیانم بە فیدایان» بۆ منی ئۆمی بێسەر و زمانی خاکەساری ڕووڕەشی بێ پەنا و پشتیوان نابێ.»

## زمانی مریدێکی خاکەسەر

ڕۆمان بەم شێوازە گێڕانەوە و بەم زمانە کە زمانی مریدێکی خاکەسارە لە حاند مرادێکی پیرۆز، دەستپێدەکا و هەتا ئاخر دێڕەکان ئەم لەحن

و ڕاوێژە لە زمانی گێڕانەوەدا دەپارێزرێ. بەڵام درێژەداربوونی گێڕانەوە خوێنەر بەم قەناعەتە دەگەیەنێ کە ڕاوی جگە لە مریدایەتی ئەرکێکی گەورەتری لەسەر شانە و زمانی ئەو مریدە نەك لە خزمەت ئەو سیستمە فکرییەدا نییە بەڵکو هەڵگەڕانەوە و دژکردەوەیەکە لە حاند ئەو فکرەدا. ڕاوی هەرچەند بە ڕواڵەت وا دەنوێنێ کە سوڕ و نهێنی ئەو بنەماڵەیە ناگێڕێتەوە بەڵام لە عەمەلدا دەیگێڕێتەوە و بەم چەشنە دەبێتە بگێڕەوەی ئەو ڕازە پیرۆزانە کە بۆیان نییە بدرکێن و ئاشکرا بن. پیرۆزی مراد و موقتەدا لەوەدایە نهێنییەکانی لە تەمدا بمێنێتەوە. بەڵام ڕاوی ڕاوییەکی زیرەکە و بەرە بە بەرە سیمای ڕاستەقینەی مراد لە مژی پیرۆزی دێنێتە دەرێ و بە ئارامی ڕواڵەتی حەقیقی ئەم کاراکتەرە ڕەمزاوییە کە مێژوویەکی ئایینی دوور و درێژ کەسایەتی ئەویان خوڵقاندووە ڕوون دەکاتەوە. کەسایەتی شێخ باپیر کە ڕەمزی ئەو پیرۆزییەیە و لە سەرەتای ڕۆماندا لەوپەڕی دەسەڵاتدایە و خانەقا کە مەکۆ و پارێزەری سیستمی مرید و مرادییە لە ڕمێندایە. بەڵام هەرچەند زەمان تێدەپەڕی و کەسایەتی نوێ دێنە بازنەی گێڕانەوە لە قورسایی ئەو دنیا ڕەمزاوییە کەم دەبێتەوە. وەستا خەسرەو و کامیل بیانوویەکن بۆئەوەی نیشان بدرێ ئەم چەشنە فکر و ئەندێشەیە پێگەیەکی قایم و پتەوی هەیە. خانەقا و تەکیە لەوپەڕی گەشە و نەشەی خۆی دایە و تازەبوونەوەی میعماری خانەقا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ ئەم گەشە و نەشەیە. ئەو هێزە میتافیزیکییە تەنیا لە کەسایەتی کاریزماتیکی شێخدا چڕ نەبۆتەوە بەڵکو ئەم دەسەڵاتە لە فۆرمی جەستەییشدا خۆ



www.kurdishbookhouse.com

دەنوێنی ئەم شتە لە هەیبەتی پیاوێك کە دەتوانێ هاوکات دەست بەسەر چەندین مێیینەدا بگرێ و چەندین ژنی هەبێت ڕەنگدەداتەوە. هەروەها خۆشەویستی ئەم کەسایەتییە لە نێو دڵی مریدەکانیدا هەتا ئەو ڕادەیە پتەو و ڕیشەدارە کە «قومێك لە پاشماوی دەسنوێژ هەڵگرتنەکەی بەفیڕۆ نەدەڕۆیشت و نەدەکەوتە عەرزی.» شێخ باپیر نموونەی زەقی ئەو کەسایەتییە ئایینی و پیرۆزانەیە کە قورسایی هەزاران ساڵەی لەسەر شانە و دووپات بۆوە و کۆپی ئەو چەشنە کەسایەتیانەیە کە نموونەیان لە مێژووی ئایین و دنیای سۆفیانەدا زۆرە. ئەم کەسایەتییە بەردەوام بەو ئاکارانەی لە خۆی نیشاندەدا و بەو پەرچەکردارانەی دەوروبەر لە حاند ئەودا نیشانی دەدەن، خوێنەر هان دەدا بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و لە نێو کەسایەتییە مێژوویی و ئایینییەکاندا هاوتا و هاوسەنگی بۆ ببینێتەوە و بەم چەشنە ئەو زمانەی کە ئەم کەسایەتییەی پێخوڵقاوە هاوکات چەندین ڕەهەندی مانایی لێدەبێتەوە کە دەکرێ هەر ڕەهەندێك تەئویلێکی سەربەخۆی لێبکرێ. تەنانەت کەسایەتی شێخباپیر وەها پێگەیەکی ئیلاهی بەخۆوە دەگرێ کە تەنانەت خودی ڕاویش کە تاکە سەرچاوەیە هەتا تەم لەسەر ئەم کەسایەتییە بڕەوێنێ جارجار ناوێرێ زۆری لێ نزیك بێتەوە و قسە و وتە نهێنییەکانی بدرکێنێ. ئەوە ڕاست ئەو کاتەیە کە شێخباپیر و تەکیە لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیان دان و تەنانەت خودی ڕاویش دەستی پێیڕاناگا هەتا بەو شێوەیەی کە پێویستە بیگێڕێتەوە و پەسنی بکا. سەحنەی وتووێژی شێخباپیر و عەتاخان لەو سەحنانەیە کە تەنیا حاڵەتی زاهیری شێخ و عەتاخان

www.kurdishbookhouse.com

نیشان دەدرێ و هیچ ئاماژەیەك بە نێوەڕۆکی ئەم وتووێژانە ناکرێ هەر بۆیە شوێنی دیالۆگەکان بە سپێتی ماونەوە و لە درێژەی ڕۆماندا خوێنەر ئەو سێ نوختە سپییانە بە یارمەتی زەین و ئەو ئاکامەی کە دواتر ئەو وتووێژانە بەرهەمی دێنن پڕ دەکاتەوە. لێرەدا شێخ دەبێتە فریادڕەسێك بۆ پینەوپەڕۆکردنی ئابڕووی عەتاخان. شێخ لە قاڵب و فۆرمی پیاوێکی ئایینی دەبێتە چەترێك بۆ داپۆشینی عەیبە و بێئەخلاقی. بەڵام لەڕاستیدا دژ بە بەهایەکی ئینسانی دەوەستێتە کە مەزهەب قەتی قبووڵ نییە و دایم نییەی لێدەکا و ئەویش خۆشەویستی و عیشقە. شێخباپیری بەتەمەن، لە قەوارەی مۆتەکەیەکدا نموود پەیدا دەکا و نەمامی عیشق لە دڵی مەلەکە خانمدا وشك دەکا. بە وشکبوونی ئەم نەمامە خودی مەلەکەخانمیش دەمرێ و سەبەبکارەکەی ئەو بیروبڕوا ئایینی و سوننەتییەیە کە شێخ نوێنەریەتی. شێخباپیر نوێنەر و نموونەی ڕەمزی مێژوویەکی ئایینییە. هەموو ئاکار و کردەوەیەکی وەبیرهێنەوەی مێژوویەك لەو ئایینەیە. لە پاش مەرگی مەلەکەخانم و تەنیا مانەوەی شێخباپیر هەلێکی دی دەڕەخسێ هەتا بەهێزترین کەسایەتی ژنی ئەم ڕۆمانە بێتە کایەوە. خاتوو گوڵەندام کە خێزانی مەلاسابیری دۆستی شێخباپیرە و هاموشۆیان بووە. گێڕانەوەی کەین و بەینی مەلاسابیر و شێخ باپیر لە لایەن ڕاوییەوە تەنزێکی تاڵ و ڕەشی تێدایە. لە لایەکەوە خەڵك هاموشۆی شێخ بۆ لای مەلاسابیر بە نەتەوەیی بوونی شێخ لێك دەدەنەوە چونکوو مەلاسابیر شیعری ڕۆژگاری ڕەشی هێمنی هەیە و هەر ئەوە دەیسەلمێنێ کە شێخ پیاوێکی ناسیونالیست و کوردپەروەر

بووە. لە لایەکی دیکەوە هێندێك ئاماژەی عاشقانە لە نێوان خاتوو گوڵەندام و شێخدا دەگۆڕدرێنەوە کە ئەم بۆچوونە پووچەڵ دەکەنەوە. خاتوو گوڵەندام نامەیەك بۆ شێخ دەنووسێ و ئەویش بە ڕێز و حورمەتەوە دوو دەروێشی لە دوو دەنێرێ و لە خانوویەکی تەکیەدا نیشتەجێی دەکا و دەمگۆ و شایەعەی کەین و بەینی شێخ و گوڵەندام پەرەدەستێنێ و بە مارەکردنی گوڵەندام لە شێخباپیر ئاو بە ئاوردا دەکرێ. نامەی گوڵەندام کە لە لایەن فەقێیەکەوە بۆ شێخ نووسراوە یەکێك لە تەکنیکە جوان و خاڵە بەهێزەکانی ئەم ڕۆمانەیە لە باری چۆنییەتی ئینشا و چۆنییەتی جێگیربوونی لە نێو زەمینەی دەقە عەسڵییەکەدا. گوڵەندام سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لە بەهێزترین کارەکتەرەکانی نێو تەکیە و خانەقا کەسێکی کاریگەریشە بۆ پەرەپێدان بە پیرۆزی شێخ و بیر و بڕوای مرید و مرادی. ئەم کەسایەتییە هەروەها شەتڵی شك و گومانیش لەگەڵ خۆیدا دێنێ. گوڵەندام وەختایەك دێتە خانەقا دوو منداڵی پێیە. سەلاح و سارا. سارا کەسایەتییەکی مونفەعیل و بێتەئسیرە بەڵام سەلاح لە داهاتوودا دەبێتە کەسایەتییەکی بەهێز و سەرلەبەری پیرۆزییەکانی تەکیە و فکری خانەقایی لەبەر چاو ڕەش دەبێ و لێی دەکەوێتە گومان و دوو دڵی. پرسیارەکانی سەلاح یەکەم تیرن کە لە ئاهۆنی و بێ خەیاڵی خانەقا دەگیرێن. لە دوای هاتنی گوڵندام تەکیە داب و تەرتیبێکی نوێ بەخۆوە دەبینێ و گەشە و نەشە پەیدا دەکا. تەنانەت ئاستی خۆشەویستی و پیرۆزی شێخباپیر هەتا ئەو ڕادەیە هەڵدەکشێ کە دەروێش کامیل لە ئیقدامێکی شەیدایانەدا حازر دەبێ فاتمی خێزانی

www.kurdishbookhouse.com

تەڵاق بدا بۆ شێخ باپیر و بۆخۆی بە سەڵت و قوڵتی بمێنێتەوە. لێرەدا گێڕانەوە دیسانیش خوێنەر ئیرجاع دەدا بە مەسەلەیەکی مێژوویی و وەبیرهێنەوەی مەسەلەیەکی تاریخی دەبێت کە بەسەر زەیدبنی حارسدا هاتووە. ئەم وێکچوونە ماناییانە وایان کردووە باری مانایی دەق هەڵکشێ و تەنیا لە جەغزێکی بچووکدا نەخولێتەوە و خۆی گرێ بدا بەو هەرێمە ماناییانەوە کە بۆیان هەیە لە ناخوداگای زەینی خوێنەر و دەقدا ببووژێنەوە. هەرچەندێکی دەقێك توانایی زیندووکردنەوەی ئەو بیرەوەرییە مێژووییانەی پتر لە ناخی خۆیدا هەڵگرتبێ و پتر ئەو دەق و ڕووداوە مێژووییانە وەدەنگ بێنێ لە زەینی خوێنەراندا هەر بەو پێیە لە بە ئاکام گەیاندنی مەبەستی خۆی سەرکەوتووترە. دەق سەرەڕای ئەوەی دیالۆگێکە لەگەڵ مێژووی خۆی هەر وەها دیالۆگێکی بەردەوامە لەگەڵ ڕابردوو. واتای دەقێك تەنیا نەبەسراوەتەوە بە نییەتی نووسەر و بەرهەمهێنەری دەقەوە. هەرچەندێکی زمان بیهەوێ مانا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پاوان بکا و دار و لەلەی بۆ دانێ، بەڵام هەر ئەو مانایانەی وەپشت گوێ خراون و حەزف کراون سەر هەڵدەدەنەوە و بە شێوەی وەبیرهاتنەوە لە ناخوداگای خوێنەردا دەبووژێنەوە و سەرهەڵدەدەنەوە. لە ڕۆمانی تۆقی عەزازیلیشدا هەر وایە و مانای لاوەکی بە بێ ویستی نووسەر یان بەرهەمهێنەری دەق لە زەینی خوێنەر دەهاڵێن و لق و وەچی لێدەبێتەوە.

www.kurdishbookhouse.com

## گێڕانەوە بە ئاراستەیەکی نوێدا

پاش ئەوەی دەروێش کامیل فاتم تەڵاق دەدا و فاتم لە شێخباپیر مارە دەکرێ، نەك دەروێش کامیل بەو ئارامش و حەسانەوە دەروونییە ناگا بەڵکو شێخباپیریش تووشی کێشەی ڕووحی و دەروونی دێت. ئەم ڕووداوە سازمانی گێڕانەوە بە ئاراستەیەکی نوێدا دەبا. فاتم کە ئاشقی مێردی خۆی بووە لە زەینی خۆیدا بۆی لێك نادرێتەوە کە چی بەسەر هاتووە و بۆ وای لێهاتووە. فاتم ڕۆڵی کەنیزەکێکی جنسی دەبینێ کە تەنیا دابینکەری ئیحساسی مریدانەی دەروێش کامیلە لە بەرامبەر مرادەکەیدا. وەختایەکیش زگی پڕ دەبێ دیسان هەر دەبێتە هۆکاری گەورە بۆ گۆڕانی گەورە لە ڕۆمانەکەدا. دەروێش کامیل کە بەتەما بووە بە تەڵاقدانی فاتم لە زنجیری دنیایی بپسێ و دڵی موقتەدای خۆی پێشاد بکا، تووشی پەشیمانی دێت و وەك سەگێکی هار و وەك عاشقێکی ماخولیا سەرلەنوێ ئاشقی فاتم دەبێتەوە و وەخت و ناوەخت بە دەوری خانەقادا هەڵدەخولێ و بە دەنگە زوڵاڵەکەی کە گەرمداهێنەری بەزمی دەروێشانە بووە لە خانەقادا، گۆرانی بۆ یاری لە دەسچوو دەچڕێ: «فاتمە دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانییە، پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانییە...» لە لایەکی دیکەوە دووگیان بوونی فاتم وەك خۆرە دەکەوێتە ڕووح و گیانی شێخباپیر و تووشی دوودڵی دەکا: «بڵێی نەڵێی...» هەروەها ئەم ڕووداوە ئاورێکی سەیر لە دەروونی خاتووگوڵندامدا دادەگیرسێنێ کە بۆخۆی نەیتوانیوە منداڵی نێرینەی لە شێخ ببێ. هەر بۆیەش لە سەحنەی

www.kurdishbookhouse.com

منداڵبوونی فاتمدا بە هەموو شێوەیەك حەول دەدا بزانێ ئەو منداڵە کوڕە یان کچ و ئەم سەحنەیە یەکێك لە جوانترین سەحنەکانی ئەم ڕۆمانەیە کە تام و چێژێکی تایبەتی زمانی و ڕیوایەتی تێدایە.«خاتوو گوڵندام هەوڵیدا خۆی وا بۆ باریك بکاتەوە و ملی بە خوار کردنەوە وا بۆ دانەوێنێ کە ئەو جێگایەی بۆی دەگەڕا بە جوانی ببینێ. بەڵام قۆڵی کراسی مامانەکە، وا بەر موسوڵدان و خوار نێوکی داپۆشیبوو هیچ دیار نەبوو. خاتوو گوڵندام وای نواند خەریکە بەر دەستی مامانەکە چوڵ دەکا، هێواشێك قۆڵی کراسەکەی لادا.» لەم بەشەدا ڕاوی بە شێوەیەکی ڕەواناسانە بە ناخی کەسایەتییەکاندا ڕۆچووە و دەروونی پڕ لە بێقەرارییانی نیشانداوە، دەروونی شێواوی گوڵندام کە دەترسێ فاتم کوڕی ببێ و دەروونی سیس و ژاکاوی شێخباپیر کە هەر گریانێکی منداڵەکە تیرێکە وە هەناوی دەکەوێ و مەعسوومیەتی فاتم کە بۆتە مەتای دەستی هێندێك بیر و بڕوای ئایینی.

## بنەمای زمانێکی تایبەت پێکدێنن

تەکیە و خانەقاش وەك هەر سیستمێکی دەسەڵاتداری پڕە لە بەربەرەکانێ و ڕقەبەرایەتی. کێبڕکێ بۆ بە دەستەوەگرتنی ئاڵای پیرۆزی موقتەدا و شێخایەتی. تەکیە تووشی شڵەژان دێ و لە لایەك دوو دڵی و شك و گومانی شێخباپیر سەبارەت بەم منداڵە تازەیەی لە دایك بووە و لە لایەکی دیکەوە ئێرەیی گوڵندام دەبێتە هۆی ئەوە تراژیدیترین چارەنووس بۆ فاتم بێتە ئاراوە. وەختایەك فاتم لە پاڵ



www.kurdishbookhouse.com

شەهابی کوڕی خەوتووە مارێکێکی دەخرێتە ئەستۆ و مار دەبێتە تۆقی عەزازیل و لە ئەستۆی نابێتەوە. لێرەدا سەرلەنوێ دەق بەرەو لایەنێکی واتایی نوێ پەلداوێ و زەینی خوێنەر بەرەو ئەو ئیرجاعە ئایینی و ئوستورەییانە ڕادەکێشن کە هاوتەریب لەگەم ئەم ڕووداوە لە زەینی ئەودا سەرهەڵدەدەن. بووژانەوەی ئەم بۆچوونە سوونەتی و ڕەمزاوییە کە ئەم کارەساتە بەرهەمی خیانەتی ژنە بە هاوسەر و ئەم ڕووداوە تەنیا بۆ ئەو ژنانە دێتە پێش کە خەیانەتکار بوون. لە لایەکی دیکەوە ئەم تەسویرە یانی مار لە مل هاڵان دەمانباتەوە بۆ سەردەمێکی لە مێژینە و ئوستوورەیی و وەبیر پرۆمتەمان دەخاتەوە کە بۆ ئەبەد مەحکووم بووە بە ژانێکی ئەبەدی و هەتاهەتایی. فاتمیش مەحکووم دەبێ بەوەی بۆ ئەبەد ئەو تۆقەی لە ئەستۆدا بێ و پێوەی بناڵێ. ئەم ڕووداوە و بڵاو بوونەوەی بەردەوامی چپە و شایعە لە تەکیەدا شێخباپیردا کە ئێستا تووشی خەمۆکییەکی قووڵ بووە، بەرەو سەرلێشێواوییەکی ڕووحی دەبا. بڵاوبوونەوەی شایعە لە تەکیەدا فۆرمێکی تایبەتی هەیە و ئەم فۆرمە لە زمانی گێڕانەوەدا نموودی پەیدا کردووە و زۆر بوونی شایعەکان هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی بارستایی و قورسایی لەسەر زمانی گێڕانەوە، بە شێوەیەك وشەیەك هەتا ئەو ڕادەیە باری دەخرێتە سەر کە لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو دەمگۆیانە ساختارێکی زمانی تایبەت پێك دێنن. «دەروێشێك لە دەروێشەکان، بەپەلە ئانیشکێکی لە دەروێشێکی پەنای کوتا و سێ چوار قسەی بە گوێیدا سرتاند. ئەویش بە پەلە ئەنیشکێکی لە دەروێشێکی دیکە کوتا و چوار پێنج قسەی بە گوێدا سرتاند. ئەویش

www.kurdishbookhouse.com

بە پەلە ئەنیشکێکی لە دەروێشێکی تەنیشتی کوتا و پێنج شەش قسەی بە گوێدا سرتاند. ئەویش بە پەلە ئەنیشکێکی لە دەروێشێکی پەنای کوتا و شەش حەوت قسەی بە گوێدا سرتاند. ئەویش بەپەلە ئەنیشکێکی لە دەروێشێکی تەنیشتی کوتا و حەوت هەشت قسەی بە گوێدا سرتاند. ئەویش بەپەلە ئەنیشکێکی لە دەروێشێکی پەنای کوتا و هەشت نۆ دەقسەی بە گوێدا سرتاند. ئەویش بەپەلە ئەنیشکێکی لە دەروێشێکی پەنای کوتا و دە دوازدە قسەی بە گوێدا سرتاند.» زمان لەم شێوازە ڕیوایەتییەدا تووشی هەڵاوەسان دێ و بەبێ ئەوەی لەباری ڕستەبەندی و فۆرمی زاهیرییەوە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا بێ هەرجارە و بە ژمارەیەك مەعنای نوێ بەرهەمدێنێ. هەر وەها ژمارەکان بە شێوەیەك لە پاڵ یەکدا تەنراون و دانراون کە دیسانیش ئەژماریان وەبیرهێنەوەی بڕوایەکی ئایینن و سەیر ئەوەیە کە هەرچەند هەتا ژمارە دوازدە دەمگۆیەکان بژێردراون بەڵام لە ئەساسدا دوازدە ژمارە نین و یەکیان غایبە. پەرەسەندنی ئەم شایعانە وا دەکەن کە شێخباپیر ئەوەندەی دیش دەروونی بشێوێ. لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی مەڕمووز دەروێش کامیلیش کە هۆکاری سەرەکی پەرێشانی مراد و موقتەدایە خۆی دەکوژێ یان باشتر وایە دەکوژرێ و تەرمەکەی دوور لە گۆڕستانی موسوڵمانان دەخرێتە ژێر گڵەوە. هەرچەند بە ڕواڵەت کوژرانی فاتم و دەروێشکامیل دەبوو سوکنایی بە تەکیە و خانەقا ببەخشێ بەڵام وا نییە و هەمیشە بایەکان لەو جێیانەوە هەڵدەکەن کە چاوەڕوانیت نییە. سەلاحی کوڕی مەلاسابیر هەرچەند بە منداڵی شبر بووە بەڵام وەختایەك دەگاتە

www.kurdishbookhouse.com

تەمەنی مێرمنداڵی بەهرەیەکی بێ وێنە لە فێربوونی کتێبە ئایینییەکاندا لە خۆ دەنوێنێ و بە هۆی پرسیارە لەبڕاننەهاتووەکانی خەلیفە و مەلاکانی تەکیە وەزاڵە دێنێ. پرسیار دەبێتە دەسپێك و سەرەتایەك بۆ گۆڕانی مەزن. بە هاتنی دەروێش ساماڵ قۆناغێکی نوێ لە ژیانی تەکیە و خانەقادا دەست پێدەکا. دەروێش ساماڵ ودمێکی تازەیە بەسەر خانەقا بە گشتی و سەلاح بەتایبەتی. دەروێش ساماڵ هەڵگری بیر و ئەندێشەیەکی نوێ و یەکجار ڕادیکاڵە لە حاند دەریای مەند و محافزەکاری ئایینی تەکیەدا. دەروێش ساماڵ نموونەی کەسایەتییەکی چەپ و ئینقلابی و شۆڕشگێڕە. ئاماژە ڕواڵەتییەکانیش ئەم شتە دەسەلمێنن. «مووەکانی سمێڵی تەواو سنووری لێویان پەڕاندبوو و چووبوونە نێو دەمیەوە.، دەروێش ساماڵ ئۆگری سمێڵی ئەستوور و گەورە بوو.» سمێڵی زل یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکی چەپە و لە وتووێژێکدا لەگەڵ خەلیفە مەلا عەلیدا سەحنەیەکی پارۆدیك کە تایبەتمەندی سەرەکی سەرلەبەری تۆقی عەزازیلە و لایەنی بەهێزی ئەو دەقەیە دێتە ئارا.«حەدیسێکی نەبەویمان هەیە کە دەفەرمێ هەرکەس ڕیش داهێڵێ مەلایەکەت دێن و خۆیان بە سەری مووەکانەوە هەڵدەواسن. یانی هەر تاڵە موویەك مەلایکەتێکی لەسەر هەڵدەنیشێ. بەو پێیە بێچووە شەیتانە بیژووەکانیش خۆیان بە مووەکانی سمێڵێکی نەکراو و هەڵنەپاچراودا هەڵدەواسن. کەوابوو ئێستا سەدان مەلایکەت بە ڕیشمەوەن و دەیان بێچووە شەیتانیش بە سمێڵمەوە. بەرەی موسوڵمان لە بەرامبەر بەرەی کافرە گڵاوەکاندا ئاوا ڕاوەستاون. قوربان، هەموو دەزانین

خودا قەت ڕێگە نادا بەرەی کافر بەسەر بەرەی موسوڵماناندا زاڵ بن»
هەر لێرەوە کێشەی دەروێش ساماڵ و خانەقا دەست پێدەکا و وەختایەك ئەو بیرە سوننەتییە دەروەستی پرسیار و عەقلییەتی نوێ کە دەروێش ساماڵ هێناویەتی نایە، سووك کردن و لەبەر چاو ڕەشکردنی ئەو گوتارە نوێیە دەست پێدەکا و دەروێش ساماڵ بە ڕمووزن نێودێر دەکرێ و تۆمەتی گەورەی دەخرێتە پاڵ کە مەجبوور دەبێ تەکیە بەجێ بێڵێ. بەڵام ئەم گوتارە نوێیە کاریگەر دەبێ و دوابەدوای ئەو سەلاحیش سەردەنێتەوە. نێوی ساماڵ ئاماژەیە بۆ پاکی و بێخەوشی و ڕمووزن ئاماژەیە بۆ مەفهوومێکی جەعلی کە خانەقا بۆ سووك کردنی ئەو سازی کردووە. بەڵام سەیر ئەوەیە کە گرفتی تەکیە بە ڕۆیشتنی دەروێش ساماڵ چارەسەر نابێ. لە لایەکەوە شێخباپیر ئەو وەهمە زەیەنییەی لەکۆڵ نەبۆتەوە و لە لایەکی دیکەوە تەکیە وەك نموود و سەرچاوەی سوونەتێکی فکری و فەلسەفی بە نەزۆك مانەوەی شێخباپیر و نەبوونی نێرینەیەك کە بتوانێ مەشخەڵی بەرز و ڕووناك ڕاگرێ و وەجاخی کوێر نەبێتەوە دەکەوێتە مەترسی. نەزۆك مانی تەکیە هاوکاتە لەگەڵ هاتنە کایەی بیری نوێ کە دەروێش ساماڵ و سەلاح نوێنەرنی و ئەو تەوژم و باهۆزەی ئینقلابییەی وڵاتی گرتۆتەوە و گەیشتۆتە بەر درگای خانەقا. تەکیە بە جێنشین بوونی گوڵان خانمەوە نەزۆك دەبێ و لە زاو و زێ دەکەوێ. هەروەها بە سەلاحەوە پێ دەنێتە دنیایەکی نوێوە. شێخ باپیر لە حاڵێکدا دەمرێ کە تەکیە بە بێ مراد و موقتەدا دەمێنێتەوە و خودی شێخباپیریش مۆتەکەی دڵکرمێبوون لەگەڵ خۆی دەباتە

بن گڵەوە و لە باری دەروونییەوە دەبێتە ڕووحێکی نەحەساوە و سەرگەردان. لە دوای مەرگی شێخ باپیر هەموو حەولی گوڵندام بۆ پتەوکردنی پێگەی گوڵان خانمە وەك مرادێکی مێیینە کە نموونەیان لە مێژووی ئایین و تەسوفدا زۆرە. بەڵام گوڵان‌خانم کە کەسایەتییەکی حەمبەڵییە تووشی گرفتێکی ڕووحی و وەسوەسەیەکی شەیتانی دەبێ و تارماییەکی چەپەڵ لەکۆڵ تەنیاییەکانی نابێتەوە و بۆ پاك بوونەوە و ڕزگار بوون لەو تارماییە دەچێتە چلەوە. لەو دیوە کاگڵەدا چاوی بە مەرقەدی شێ‌حەمدوون و شێخ زورار و شێخ‌باپیر دەکەوێ و لە زیندەخەویێك‌دا ڕووحانەتی دانەبە دانەی ئەوان دەبینێ کە بە بەهەشتی بەرین شاد بوون و ڕووباری هەنگوین و حۆری چاوبەڵەك و مەمك قوت لە دەوریان ئاپۆرەیان بەستووە و داری میوە سەردادەنوێن و میوە بۆخۆیان دێن بۆ لای زاریان و لە زاریان‌دا بە بێ جاوین دەتوێنەوە. ئەم تەسویرە خەیاڵیانە کە بە عاریەت لە کتێبی مەنزەرەی مەرگ وەرگیراون حاڵەتێکی وەها تەنزاوی و پارۆدیکیان تێدایە کە ئاستی دەقەکەیان هەتا ئەوپەڕی جوانی هەڵکێشاوە. بەڵام نە شێخ باپیر و نە گوڵان خانم هیچ کامیان بە مەبەستی خۆیان ناگەن لە چلە گرتندا. نە شێخ باپیر لەو وەهم و دوو دڵییە دەبێتە کە بڵێی شەهاب کوڕی ئەو بێ یان نا نە گوڵان خانم لە دەست ئەو تارماییە چەپەڵە دەخەڵەسێ. هەر بۆیە وەختایەك گوڵان خانم لەم کارەدا بە ئاوات ناگا و ناتوانێ وەك مرادێکی بەهێز ئەرکە ئایینی و دینییەکانی ڕاپەڕێنێ، گوڵندام وەك تەمهید و بیانوویەك کەڵك لە ڕووحانەتی پیرۆزی شێخە مردووەکان وەردەگرێ. دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە

یەکێك لە سەرەکی ترین نموودەکانی دنیای پێشمۆدێرن بۆ بەردەوامیدان بە خۆی کەڵك وەرگرتن لە پیرۆزی ڕوحانییەتی ئەو کەسایەتییە پیرۆزانەیە کە ئێستا مردوون. بە دێفۆرمە بوونی جەستە لە قەوارەی ڕۆحێکی پیرۆزدا، حەول دەدرێ ئەم کلێشەیە لە زەینی کۆمەڵگادا نیشتەجێ بکرێ. لەم سۆنگەیەوە پیرۆزییە مێژووییەکان و کەسایەتییە پیرۆزەکان لە نەستی گشتی کۆمەڵگادا بەردەوام دەبن. تەنانەت گوڵندام خاتوون وەك تەمهیدێکی ژیرانە کەڵك لە خەون وەردەگرێ بۆ بەردەوامیدان بە هێزی شێخ و مراد لە زەینی دەروێشەکاندا.

## نوێنەری وەرچەرخانەیێکی نوێ

بەڵام ئەم ئاخر تەکنیك و تەمهیدانەش بە هیچ کوێ ناگەن چونکو بای گەورە و ڕەشەبای مەزن هەڵی کردووە. ئینقلاب ڕوو دەدا و بەرەیەکی ئینقلابی و ڕادیکاڵی فکری سازدەبێ کە هیچ شتێکی ئەو تەفەکورە خانەقایی و جادووییەی قبووڵ نییە. ئەوەی بۆ ئەو گرنگە ئەو ئاواتە ئینسانیی و ئازادیخوانەیە کە خەباتی بۆ دەکا. وەختایەك کەسە شۆڕشگێڕەکان ڕوو لە خانەقا دەکەن یەکەم گورزی کاریگەر وەبەر بیری سۆفیگەری و خانەقایی دەکەوێ و ئانتیتێزێکی نوێ لە هەمبەر بیری مرید و مرادیدا دەوەستێتەوە. خانەقا و بنەما فکری و فەلسەفییەکانی بە تۆخترین شێوە نییەیان لێدەکرێ.«دنیا ئاخر زەمانە دەنا چۆن دەبێ ئەوان پێیانوابێ شوێنێکی وەکوو تەکیە، پەنا بۆ

www.kurdishbookhouse.com

خودای گەورە مەکۆی نەزانی و نەزانپەروەری و بێکاری و بێکار پەروەری بێ...» «ئەو لاوانە زۆرجار بێحورمەتی‌یان بە بابەتە پیرۆزەکانی تەکیە دەکرد و گاڵتەیان بە بیر و باوەڕی دەروێش و مریدەکان دەکرد و قاقا پێیان پێدەکەنین و بە کۆنەپەرستیان دەزانین.» خەلیفە مەلاعەلی کە یەکێکە لە ئەستوونەکانی تەکیە هەر بەم بۆنەوە بارگە و بنەی تێکدەنێ و دەڕوا و بە دوای ئەودا دەروێش و کڵفەتەکانی خانەقا تاق تاق و دوو دوو تەکیە بەجێدێڵن. بە دوای کۆچی گوڵان خانم تەکیە ئەوەندەی دیکەش نوشوستی دێنێ. «غەریب و بێکەس و ئاوارە کەوتین.» «دوای کۆچی دوایی هەتوانی دڵبرینداران حەزرەتی گوڵان خانم، با و گێژەڵووکە و تەپ و تۆزێکی بەسام و ناخۆش لە ڕۆژئاواوە هەڵی کرد و بۆ ماوەی دە ڕۆژ بێ پسانەوە درێژەی هەبوو. ئاسمان ڕەنگی سووری گرتبوو، کەس سەری لەم نهێنیە دەرنەدەچوو.» ئەم گێژەڵووکەیە هێمای ئەو گۆڕانە مەزنەیە کە سەرچاوە و چاوگە فکرییەکانی دەگەیێتەوە بۆ ڕۆژئاوا. هەروەها مەرگی گوڵان خانم هاوکاتە لەگەڵ گەڕانەوەی سەلاح بە بیروباوەڕەی نوێ و بە قەولی خەلیفەملاعەلی شەیتانییەوە. سەلاح نوێنەری بیروباوەڕ و وەرچەرخانەێکی نوێیە و سەرەتای هەرەس‌هێنان و پاشەکشەیەکی فکرییە بۆ تەکیە و خانەقا و داماڵدرانی بەرگی پیرۆزییە لە بیر و بڕوای خانەقایی. خانەقا کپ و کڕ دەبێ و تەنانەت وەختایەك شەهاب وەك ئاخر دەرفەت بۆ درێژەدانی ڕێگای تەریقەت و شێخایەتی دێتەوە خانەقا لە لایەن گوڵندام و وەسیەتنامەی شێخباپیرەوە وەك پەڕۆیەکی پیس و وەك

www.kurdishbookhouse.com

زیادییە گۆشتێك بە ناشیرینترین شێواز تووڕ هەڵدەرێ و تەرە دەکرێ و بێبەری دەکرێ لەهەرچی پیرۆزی و قەداسەتە. شەهاب دڵشکاو تەکیە بەجێدێڵێ و لە شەڕ و بێنەوبەرەی شاردا تێدا دەچێ و دەکوژرێ. بە کوژرانی شەهاب خانەقا قەتیس دەبێ و مەقتووعولنەسڵ. تەکیە وەها چۆڵ دەبێ کە دەبێتە مەکۆی بەدشوومی و قشقەڕە لەسەر بەرزترین پەلکە هەڵنەپاچراوەکانی دارگوێزەکەدا هێلانە چێدەکا و قیڕەی شوومی بە فەزای تەکیەدا دەشنێتەوە. ڕووحانەتی شێحەمدوون و بنیاتدانەری تەریقەتی حەمدوونی کە لەم بێبازاڕی و سڕ و کڕییە ڕووحییە وەزاڵە هاتووە وەخۆ دەکەوێ. بە ئاسپایی بۆ قشقەڕە دەچێتە سەرێ و ئاوری تێبەردەدا. بەڵام دیارە ئەوانە و تەنانەت دەستنیشان بوونی شێخێکی تازە لە لایەن دەوڵەتەوە هەتوانی زامی خانەقا نین و خانەقا بە نەزۆك مانەوە و هەڵپسانی خۆی ڕێگەی بۆ سەرەتایەکی فکری و شێوازە بیرکردنەوەیەك خۆش کرد کە ئێستا زۆری ماوە لە کۆمەڵگادا بناغەکانی خۆبگرن و ڕیشە داکوتن. بێتوو نەکەوینە بەر تووك و نزای ئەو شێخە پیرۆزانە و تۆقی عەزازیلمان لە مل نەهاڵێ دەڵێین بیری خانەقاییش لە تەنیشت ئەم خانووە نوێیەدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا، هەرچەند وێناچێ ئەو ڕمێن و گوڕەی سەردەمی شێحەمدوون و شێخ زورار و شێخ باپیری ببێ بەڵام بێگومان لە فۆرم و قەوارەیەکی نوێدا ئەو سیستمە سەرلەنوێ مریدی نوێ بۆ خۆی دەبینێتەوە و درێژە بە ڕێگای خۆی دەدا.

سەرچاوە:*ڕۆمانی تۆقی عەزازیل سەیدقادر هیدایەتی، چاپی سێهەم چاپەمەنی خانی ٢٠١٨.

این متن به صورت اختصاصی جهت انتشار در سایت خانه کتاب کُردی به نگارش درآمده است و هر نوع بازنشر آن با ذکر منبع «سایت خانه کتاب کردی مجاز می باشد.

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse

www.kurdishbookhouse.com